کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 13:43بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەیادی ڕابووردوو _ 2_ ... ئەحمەد دەشتی**



ئەو ڕۆژگارانەی سەردەمی هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ڕۆژگارێ بوو کە دوژمنانی گەلی کورد بەوپەڕی نامۆرۆڤایەتیەوە پەلاماری خاکی کوردستان و گەلی کوردیان دەدا، داگیرکەرانی کوردستان زۆر نامەردانە تەڕ و وشکیان بەیەکەوە دەسوتاند، داریان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵ دەکەند و کانیاوانیان سیمانکاری دەکردو ئەشکەوت و دۆل و چیاکانی کوردستنانیان دڕندانە بە هەموو چەکێکی کوشەندەوە پەلامار دەدا، ئەوان مرۆ کوژانە دژ بە گەلی کورد بوون و هەموو هەنگاوێکی نامرۆڤانەیان دەهاویشت و بۆ لە نوا بردنی گەلی کورد کاریان دەکرد، پێشمەرگەی کوردستانیش بە ورەی بەرزو بیرو هەستی پاکی کوردایەتیوە لە هەموو لایەکەوە شێرانە پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمنانیان دەدا، هەرچی کە لە توانای ئەوان قارەمانانە دا بوایە بەو چەکە نابەرابەرەی کە پێشمەرگەی کوردستان لەو سەردەمانە هەیان بوو کارێکیان بە دوژمنان دەکرد کە با بە دەواری شڕی نەکردووە، پێشمەرگەی کوردستان قەلایەکی پڕ لە زەندەق چویان لە بەر چاوی دوژمنانی کورد دروست کردبوو، دوژمنانی کورد هەرچەند زلهێز بوون بەلام لە سێبەری خۆشیان سلّیان دەکرد، نەیارانی کورد لە گەل ئەو هەموو چەک و جبەخانەیانەوە نەیان دەتوانی کە بەرامبەر پێشمەرگەی کوردستان بوەستن و کارێ بکەن کە دلّیان پێ ئاسودە ببێ و بە سەر پێشمەرگەی کوردستاندا زاڵ ببن، ئەوان دوژمنانەی دڕندەی کورد لە دارو بەردو ئەشکەوت و باغ و لێرەوارەکانی کوردستانیش دەترسان و لە ناو سەنگەرەکانیانەوە شەو و ڕۆژ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانیان بۆردومان دکرد، بە تۆپە دوور هاوێژەکانیان و فرۆکە جەنگیەکانیانەوە لە هیچ پەلامارێک بۆ سەر خەلّکی بە شەرەف و ئازادەی کورد درێغیان نەدەکرد، بە هێزی سەربەزیانەوە پەلاماری گوندەکانی کوردستانیان دەداو خاپوریان دەکردن، هەرچی کە دەستیان پێ ڕا گەیشتبایە لە ئاوایی و ڕەزو باغ و کانی و کانیاوەکانی کوردستان وێرانیان دەکردن، ڕەفتارە فاشیانەکەی دوژمنانی کورد بەو نیازەوە بوو، کە بتوانن کارێ بکەن کە ورەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بڕوخێنن و چۆکیان پێ دابدەن و تەسلیم بە ئیرادی داگیرکەران ببن و واز لە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی بهێنن، بەلام هەرچەند کە هیرش و پەلاماریان توند تر دەبوو، ئەوا زەبری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە هەموو باشوری کوردستانەوە هەر لە سنجارەوە تا خانەقین و مەندەلی زێتر و پتەوتر دەبوو، هەمیشە لوتی دوژمنانی دڕندەیان تێک دەشکاندو سەرشۆڕانە بەرەو دوایان دەگێڕانەوە.

ئەو سەردەمانە بیرو باوەڕی کوردایەتی و خۆشەویستی پێشمەرگە هێندە بەرزبوو، کە هەمیشە لاوە کوردەکانی ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە بیری ئەوە دابوون کە کارێک بکەن و بتوانن خزمەتێک بە شۆڕشی پیرۆزیان بکەن و ببن بە پێشمەرگەی کوردستان، لە خەباتی نهێنیوە بەرەو شاخ بڕۆن و چەکی بەرگری بۆ کوردو کوردستان هەلّبگرن و ببن بە پێشمەرگەی کوردستان و گیانی خۆیان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەیان دا بکەن بە قوربانی کوردستان، ڕۆژێ نەبوو هەوالێ نەبیستین کە فلانەکەس چوەتە سەرەوەو بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و پەیوەندی بە یارو دلّسۆزان و پێشمەرگە شۆشگێرەکانی کوردستانیان کردووە، لە گەل بیستنی هەر هەوالیک جا چە لەبارەی هێرشەکانی داگیرکەرانی کوردستان یان پەیوەندی ڕۆلە دلێرەکانی کورد یان دەست وەشاندنی پێشمەرگە قارەمانەکان لە نەیارانی کورد، ئەوا لە شارو شارۆچکەکانەوە ورەی کورد بەرزتر دەبۆوەو بۆ پەیوەندی کردن بە شۆڕشی مەزن و پیرۆزمانەوە پەیمانەکانی کوردایەتی و پەیوەندی کردن بە شۆڕشی ئەیلولەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نوی دەکرانەوە، ئێمەش هەمیشە دڵمان بەو یادەوە دەبوو کە ڕۆژێ بێت و بتوانین پەیوەندی بە شۆڕشی پیرۆزمانەوە بکەین و شەرەفی پێشمەرگایەتیوەربگرین و بچینە ڕێزی خەباتگێرانی شۆڕشگێرو قارەمانەکانەوە، ئەو سەردەمانە لە حوجرەو قوتابخانەی سانەوی مامۆستایان لە گەڵ هەڤاڵی ئازیزم کاکە مستەفا ڕابەرو مامۆستا سالح کۆزەپانکەیی و مەلاموحەمەد خەلیل دەرسمان دەخوێند، هەڤاڵ مستەفا ڕابەر لە چاپخانەی سەلاحەدینیش کاری دەکرد، ئەو دەمانە ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی ئەلندا لەو چاپخانەیەدەردەچوو، کە سەر نوسەرەکەی کابرایەکی عارەب بوو، ئێمە شەوانە لە قوتابخانەکەمان لە کاتی پشو دان دا دەچوینە سەربان و لەوێوەڕا دەمانڕوانیە ئاگرە سورەکانی قەد پاڵی کێوی سەفینەوە کە پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە لەسەر لوتکەکانی چیای سەفین ئاگریان دەکردەوەو بە خەڵکی شاری هەولیریان دەگوت دوژمنان درۆ دەکەن باوەڕ بە فیشالەکانی شاهێن تالەبانی مەکەن، ئێمەی پێشمەرگە لە سەنگری چیای سەفین هەر ماوین و نەیاران هیچیان پێ ناکرێت و درۆ دکەن، ئێمە بەو ئاگرە سورانە کە دەمان بینی ئێرەییمان بەو پێشمەرگە قارەمانانە دەهاتەوە کە وان لە سەنگەری بەرگری لە کوردستانی شیرینمان، لە کۆساران و سەرترۆپکان و ناو دۆڵ و چیا ڕەنگینەکانی کورد گیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی نیشتمانیان، لە گەڵ کاکە مستەفا ڕابەر بەیەکەوە بیرمان لەوە دەکردەوە کە کارێک بکەین بتوانین ئەم چاپخانەیەی کە ئەو کاری تیادا دەکرد لە شاری هەولێرەوە وەدەری بخەین و بۆ شۆڕشی کوردستانی بەرین و ببین بە پێشمەرگەی کوردستان، وابوو هەردوکمان لە سەر ئەمە پێک هاتین کە دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەین و کارەکەش زۆر بە نهێنی بێت، لە گەڵ برای هێژام کاکە مستەفا ڕابەر بەیەکەوە سەفەرێکی لای ئارمەوانمان کردو چاومان بە پێشمەرگەکانی کوردستان کەوت، ئەو سەردەمە کاک عەزیز عومەر کە ناسیارو خزمێکی مستەفا بوو سەرپەلی هیزێکی پێشمەرگەی ناوچەی هێزی سەفین بوو، ئەگەر ماوە یادی بەخێر و ئەگەر نەشماوە هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت، چوینە ئەو ناوە، ئەو سەردەمانە بەهار بوو کوردستان بە تەواوی خەملی بوو، بەهاری سەوزو جوان و ڕەنگین تەواوی خاکی کورستانی نەخشاندبوو، ئێمە کە چاومان بە پێشمەرگەی خاکی لە بەرو ئەو قارەمان و دڵسۆزە کوردانە کەوت، هێندەی تر لە سەر پەیوەندی کردنمان بە شۆڕشەوە مکوڕ تر دەبووین، ئەو ڕۆژە لە گەڵ ئەو برا پێشمەرگانەمان بردە سەر و ئێوارەیەکی درەنگ بەرەو هەولێر گەڕاینەوە، ئیتر لەو ماوەیەش دا من و کاکە مستەفا ڕابەر بەیەکەوە وەک یەک گیان و یەک دڵ کارمان بۆ ئەوە دەکرد کە بتوانین لە پەیوەندی کردنمان بە شۆڕش و بردنی ئەو چاپخانەیە هەر چەندە کە کارێکی زۆر سەخت و خەتەر ناک بوو سەرکەوین، ئەو دەمانە مستەفاو ئێمە هاوسێی یەکتر بووین، کە دەتوانم بڵێم یەک ماڵ بووین، ئێمە جگە لەوەی کە هەردوکمان فەقێ بووین و لە قوتابخانەی شەوانەش بەیەکەوە بووین هەردوکیشمان کوڕە مەلا بوین و لە شوێنیک بە یەکەوە دەژیاین و باوانیشمان دۆست و هەڤاڵی یەکتر بوون، بۆیەکە یەکترمان خۆش دەویست و وەک برا وابووین، بەیەکوەو ئەو بڕیارەمان دا کە ببین بە پێشمەرگەی کوردستان و ئەو چاپخانەش بە هەر شێوەیەک بێت لە هەولێر وەدەری بخەین و بۆ شۆڕشی کوردستانی بەرین، لە دوای بڕیار دانەکەمان بەیانیەکی زوو لە خەو هەستاین و بەرەو شوێنی چاپخانەکە کەلە ناو شار بوو چوین، تا بتوانین ئامادەی بکەین و لە شار وەدەری بنێین و بەرەو شۆڕش بچین، ئێستاش زۆر جاران کەبیر لەم هەنگاوە خەتەرناکەی خۆمان دەکەمەوە موچرکم بە تەن دادێت و دەڵێم گەلۆ چۆن ئێمە لەو سەردەمەی کە حەرەس قەومیەکان و جاشە خۆفرۆشەکان ئاگریان لە ناو شارو دەورو بەر دەکردەوە، ئێمە توانیمان بڕیار بدەین و بەم ئکارە هەڵبستین!! ئەو دەمانە چۆن نەترساین و ئەو کارەمان ئەنجام دا، ئاوا بە ڕۆژی ڕۆناک لە ناو بازاڕەوە لە بەر چاوی دوژمنانەوە ئەو چاپخانەیەمان بار کرد و بۆ شۆڕشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردمان برد، بۆیە دەڵێم تەنیا بیرو باوەڕ و دڵسۆزیە کە دەتوانێت هاندەری سەرکەوتنی ئەم جۆرە کارە خەتەرناکانە لە پێناوی ئامانجی پیرزەوەببێت، بە هەر حاڵ کە کارێکێ هەتا بڵێی خەتەرناک بوو، بەڵام بیرو باوەڕی کوردایەتی و هەستی نیشتمانی لە ناو دڵ و دەروونی هەر مرۆڤێک دابێت ئەوا جێگای ترس و بیم لە ناو ئەو دڵانە دا هەرگیز جێگای نابێتەوەو لە ئارا دا نیە، ئێمە کە چوینە شوینی چاپخانەکە جگە لە ئوتوچیەک کە لەو ڕێزە دوکانانەی بەرامبەرمان بوو کەسی تر دوکانەکانیان نەکردبوونەوە، ئێمە خەریکی کردنەوەی چاپەکە بوین و هەموو شتێکمان بە ماوەیەکی کەم بۆ بار کردن ئامادە کرد، بە داخەوە ئەو ئوتومومبێلەی کە وادە وابوو بێت هەڵمان بگرێت و چاپخانەکەی لێ بار بکەین نەهات، ئیتر بیرمان لە کارێکی تر کردەوە، وابوو من چووم بۆ سەر جادەی موزەفەریەو بەلکو لەوێ وەسیلەیەکی کار پەیدا بکەم و بتوانین کە دەرباز ببین، من کە دەستیشم هەموو لە مەرەکەب ڕەش دا هەڵگەڕابوو، لە کۆڵانەکەی چاپخانەکە سوڕامەوە، یەکسەر چاوم بە کاک تەها زراری کەوت، ئەو دەمانە کاک تەها حەماڵی بەو داشقەیە دەکرد کە ئێستاش هەروا داشقەکەی ماوە، ئەو کاتە بە خۆێ داشقەکەی ڕا دەکێشا، بەڵام ئێستا کاک تەها داشقەکەی لە دوای کەرێکەوە خستووە و هەر هەمان کاری ئەو دەمانە دەکات و خۆشی سواری داشقەکە دەبێت، کاک تەها زراری هاوسێی ئێمە بوو یەکترمان دەناسی، کە چاوم پێ کەوت یەکسەر بانگم کردو هات، گوتی: فەرموو مامۆستا ئەحمەد چیت دەوێت؟ گوتم بارێکمان هەیە بۆ تەیراوای دەبەین، ئەویش گوتی بە چاوان، فەرموو بابچین و باری بکەین، لە گەڵم هات و چوینە لای چاپخانەکەوە، کە کاک تەها هاتە ژوورەوە گوتی: ئەمە زۆر گرانە بار ناکرێت!!! ئێمەش گوتمان هاوکاریت دەکەین و بەیەکەوە باری دەکەین، ئەوەی کە گران بوو دەزگای چاپەکە بوو، وا بوو بە هەزار ناڵی عەلی بەیەکەوە بارمان کردو هەموو کەڵ و پەلەکانیشمان لە سەر داشقەکەی کاکە تەها زراری داناو موشەممایەکمان بە سەر داداو دەرگای چاپخانەکەمان گاڵەدا و لە دوای کاک تەهاوە بەرەو تەیراوە وەڕێکەوتین، خوا دەزانێت ئەوەی کە ترس و بیم بوو قەت بە خەیاڵیشمان دا ناهات، بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەگەر بگیرێین ئەوا هەموو خانەوادەکەشمان لە ناو دەبەن و پارچە پارچەمان دەکەن، چونکە لەو دەمانە دا دوژمنان هەروەک پیشەیان بوو، دژ بە گەلی کورد هێندە دڕندەبوون کە ناتواندرێت وەک خۆیان کە بوینە لە دڕندەیی و مرۆکوژی دا ئاوا باسیان بکەیت، ئێمە کە چاپخانەکامان بار کرد لە خیابانی موزەفەریەوە بەرەو تەیراوا دەچوین، لە هەورازەکەی بەر دەمی دادگای ئەمرۆ، کە ئێستائەوبەری هوتێلە، بەڵام لەو دەمانە دا کۆنە حەسارێکی ڕوخاو بوو، ئەم بەرەشی کە ئێستا شوێنی دادگایە چۆڵ و هۆڵ بوو تورو سڵقیان لی دەچاند، لەو هەورازە سەر دەکەوتین، کۆمەڵی لە حەرەس قەومیە نامەردەکان و جاشە خۆفرۆشەکان بە پێش حەسارە کەلاوەکە تێ دەپەڕین، بەرەو قشلە دەچوون، یەکێ لە جاشەکان بانگی کاک تەهای کردو گوتی: ها تەها زراری بەم زووە ئەمە چیت بار کردووە وا بە نقە نق سەر دەکەویت دەڵیی نانت نەخواردوە!!! کاک تەهاش منگەیێکی لێ هاتی و ئاوڕێکی لێدایەوە و پاشان کە کەمێ ڕۆیشت تفێکی ڕوو کردو بە هەناسە ساریوەگوتی: هەی خۆ فرۆش و خیانەتکار دژ بە میللەتی خۆیەتی و نۆکەری دوژمنان دەکات، گاڵتەش بەمن دەکات، وابوو ئەوان ڕۆیشتین، ئێمەش بەرەو مزگەوتەکەی شیخ مەلا ڕەشید ڕۆیشتین، هێشتان لە جادەی عەنکاوە نەسوڕابوینەوە، کە مستەفا گوتی: ئێوە بڕۆن من دەچم ئوتوموبێلێک دێنم و بەلکو زوو ڕزگاریمان ببێ و لێرە دەربچین، مستەفا چوو، منیش لە گەڵ بارەکەو کاک تەها بەرەو لای گۆڕستانی شیخ مەلا ڕەشید چوین، لەوێ وەستاین چاوەڕوانی ماشێنمان دەکرد، بە تەهام گوت با بارەکە بێنینە خوارەوە و تۆ بڕۆ، وابوو بارەکەمان داگرت و موشەممایەکەمان بە سەر داداو هەقی ماندوو بوونم دا بە کاک تەهاو ئەو ڕۆیشت، لەو کاتەدا پیرە مێردێکی بە ساڵا چوو و دونیا دیدە، کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێستا نەماوە و ناسیارو هاوسێمان بوو، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت، ناوی مام خارند بوو، دۆست و ناسیاری لە مێژینەمان بوو، هەمیشە ڕێزمان لێ دەناو ئەویش ئێمەی خۆش دەویست، ئەو کە دۆستێکی باوکم بوو، هیچ ترسێکمان لێی نەبوو، زۆر بە تەنگاوی هات و زۆر بە ئارامی گوتی: کوڕی مامۆستا مەلا خدری ئەمە چیە؟ بەم زووە بارتان کردووە وا داتان پۆشیوە؟ گوتی: من هەست بە شتێک دەکەم، ئەی ئێوە ناترسن ئێستا بێن بتان گرن و بەڵایەکی گەورەتان بەسەر بێنن و براو دایک و خزمان و دۆستانیشتان لە ناو بەرن؟ زووبن لێرە بڕۆن و وەدەرکەون بۆ کوێ دەچن خواتان لە گەل بێت، مام خارند دیار بوو زۆر پەشۆکاو بوو بوو، نازانم چۆنی زانی بوو کە ئێمە خەریکی ئەم کارەین، مام خارند ڕۆیشت و چوو بۆ لای مزگەوت، هێندەی پێ نەچوو مامۆستا مەلا خدر شەمامەری کە لەو سەردەمانە دا ئیمامی مزگەوت بوو بانگی منی کردو گوتی: مەلا ئەحمەد هەتا ئێرە وەرە، منیش چووم و هەندێ پرسیاری لێ کردم، پاشان ئەویش زۆر بە هێواشی گوتی: ماڵتان بە قور نەگیرێت ئەمە چیتان کردوە؟ چۆن دەرباز دەبن، ئەوەی مام خارند باس دەکات کارەکەتان زۆر خەتەرناکە زووبن بڕۆن بڕۆن لێرە مەمێنن، من وا لە ترسان دەچمەوە ماڵەوە، مامۆستاش ئەوەی گوت و لە مزگەوت دەرچوو، جارو باریش ئاوڕێکی لە ئێمە دەدایەوە، دیار بوو هەستیان پێ کردبوو کە ئێمە نیازمان چیەوچی دەکەین، بۆیەکە گەلێک ترسا بوون، لەو کاتە دا مستەفا بە خۆی و لاندرۆڤەرێکەوە گەیشتە لامان، ئیتر بە پەلە بە هاوکاری خەڵکەکە هەموو کەل و پەلەکان و دەزگای چاپەکەمان بار کرد، مستەفا کە لە ئێمە جیا دەبێتەوە یەکسەر دەچێتە لای سەمەدی نانەوا، کە ئەو دەمانە ئەندامێکی پارتی بوو، ئەومان دەناسی مستەفا کە پێی دەڵێت: کارێکی وامان هەیە یەکسەر دێت و مەردانە دەکەوێتە دەست و ئەو هاوکاریە مەزنەی کردین و بە لاندرۆڤەرەکەیەوە ئێمەی گەیاندە ئاوایی قەرەموکیان، لەوڕێگایەدا سەمەدی نانەوا زۆر بە پەلە ماشێنەکەی لێ دەخوڕی و دەیگوت: نەبادا دوژمنان وەدوامان بکەون، با زوو لەم ناوە دەربچین، ئیتر وابوو چوینە ئاوایی قەرەموکیان و لەوێش یەکسەر چوینە دیوەخانی هێژا قادر ئاغای گەردی کە خاوەنی گوندی قەرموکیان بوو، کە ئەومان بینی پێمان گوت کە چاپخانەیەکمان هێناوە بۆ سەرەوەی دەبەین، دەبێ هاوکاریمان بکەیت و بەڕیمان بکەیت، ئەویش زۆر بە خێر هاتنی کردین و گوتی: بە سەر چاوان بەڵام تا دونیا ڕوناکە دەبێ لە گوند وەدەر کەون، چونکە خەتەری هەیە نەوەک دوژمنان وەدواتان کەون و لێرە دەستگیرتان بکەن بۆ ئاوایش خەتەرە، ئێمەش هەمان کارمان ئەنجام داو کەل و پەلەلاکانیشمان لە شوێنێک شاردەوە، کاک سەمەدیش دیار بوو پەلەی بوو بۆ گەڕانەوە و کەمیکیش ترسی لێ نیشتبوو، پێمان گوت کە بە شوێنی خۆی دا نەگەڕێتەوە و بەلای مەلائۆمەرەوە بەرەو شار بچێتەوە، ئیتر خوا حافیزیمان لی کردو ئەو گەڕایەوە هەولێر.

بەرەبەری ڕۆژئاوا هات و ئێمەش بەرەو دیوەخانی قادراغا گەڕاینەوە، دیوەخانێکی نەزیک چوار بە دە مەتر زیتر دەبوو، هەرچوار دەوری ناو ژوری دیوەخانەکە بە لباد و فەرشی لاکێشی جوان ڕاخرابوو، سەمەوارێکی میسوار کە جۆشدرا بوو، لولە هەواکێشێکی بڵندی بە سەرەوە بوو، لە گۆشەکەی لای دەرگاکەوە گڕەی لێ دەهات، ئێمە کە چونیە ژوورەوە دوای سڵاو و ڕیزمان، دیمان کە کۆمەڵێک خەڵک لەوێن و لە دیوەخان ڕونیشتبوون، کە چاومان پێیان کەوت زانیمان کە ئەمانە پێشمەرگەن، قادراغاو مرۆڤێکی تر کە لای سەرەوە روونیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا، ئەوانیش زۆر بەخێر هاتنی ئێمەیان کرد و ئێمەش سوپاسمان کردن، من لای پێشمەرگەیەکەوە روونیشتم کە هەڵس و کەوتی ئەو کەسە بەلامەوە ئاشنا بوو، ئەو یەکسەر کە منی بینی بەخێر هاتنی کردم و گوتی مامۆستا ئەحمد بەخێر بێیت چاک و خۆشیەکی زۆر بەگەرم و گوڕی لە گەل من داکرد، ئەو کە ڕیشێکی پان و پۆڕی بەردابۆوە، من هەرچەند تێی فیکریم نەمناسیەوە کێیە، ئەو زانی من نایناسمەوە، بۆیەیەکسەر گوتی: من دینۆم دینۆ واتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەحەمەدی مام سۆفی دراوسێتانم، کە وای گوت هەستام و یەکترمان ماچ کردو زۆر دڵم پیی شاد بوو، گوتم ببورە بەخوا بە هۆی ئەم ڕیشەتەوە نەمناسیەوە، گوتم دیارە کەمی قەڵەویش بووی؟ تۆ هەواڵی شەهید بوونت هاتبوو، بەڵام سوپاس کە وانیە، هەواڵی ئەوم لە براکەی کە ناوی کاک ئەحمەدە بیستبوو کە گوایە شەهیدبووە، بە بینین زۆر شاد بووم، کە ئەو هەواڵە ڕاست نەبوو، ئیر تێرو پڕ چاک وخۆشیمان لە گەل یەکتر دا کردو ئەوگوتی: من لە لای کاک بورهاناغا پێشمەرگەم و ئەوێهێش کاک بورهان ئاغایە مەسئولمانە، منیش بورهاناغام باش دەناسی و بە فەقییاتیش لە لای مامۆستا مەلا محەمەد کە مەلای چەمە دوبزی ئاوایی بورهاناغا بوو دەرسم خوێندبوو، بورهاناغا مرۆیەکی تابڵیی پیاوانەو سەخی و ئازا و خزم و ناسیار ودۆست بوو، هەستام چووم چاک و خۆشیم لە گەلدا کردو ئەویش یەکسەر منی ناسیەوە و پرسی و گوتی: دیارە ئێوەن چاپخانەتان لە هەولێرەوە هێناوە؟ منیش گوتم بەڵی، ئەویش گوتی: هەی ئافەرین، ئەمە چۆن توانیوتانە ئەم کارە بکەن و نەترساون و بە ڕۆژی ڕوناک ئەم چاپخانەتان هێناوەتە دەرەوە؟ منیش گوتم بیرو باوەڕی کوردایەتی وای لێ کردووین، کە ئەم کارە سەرکەوتوانە و بەبێ ترس ئەنجام بدەین، ئەویش زۆری ڕێز لی ناین و دیسان بەخێر هاتنی کردینەوە، هێندەی پی نەچوو نانیان هێناو سفرەیان ڕاخست و خواردنیان دانا و سەر سفرەکەیان پڕ لە پلاو گۆشت کرد، ئیتر ئێمەش کە برسی بووبوین تێرو تەسەلمان خواردو پاشان چایان هێنا، لە دوای کەمێ پشودان، کاک قادر ئاغا بانگی دوو لاوی ئاوایی کردو گوتی: بڕۆن سێ هیستری باش بێنن و ئەو کەل و پەلانە چاک بار بکەن و لە گەل ئەم هەڤالانەو ئەم پیشمەرگانە بڕۆن تا بارەکە دەگەیێنە گوندی گڕاو. لە ڕێگا دەبێ زۆر وریابن، کاری نەکەن دوژمنان بزانن بەڕیوە دا دەڕۆن، کاک قادراغا پاشان رووی لە ئێمە کردو گوتی: ئەمشەو لە گەل ئەم برا پێشمەرگانە دا بەڕێتان دکەم، هەر ئەوەندە زەحمەتە کە لە جادەی مەسیف دەپەڕنەوە و ئەوسا بە هاسانی دەچنە گوندی گڕاو کە ناوچەی ئازاد کراوە، لەوێش مەسئولی ئاوایی هەیە دەتانگەیێنێتە شوێنی خۆتان، وابوو خۆمان ئامادە کردو لە دوای خواحافیزی و سوپاسی قادراغامان کردو بەرەو شوێنی دیاری کراو بەڕیکەوتین....

ماویەتی بۆ چەند بەشێکی تر. ماویەتی بۆ چەند بەشێکی تر. ahmad .dashti@gmx .ed

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.